


## سەردەشت

کۆکردنەوە نووسین: مەنسوور تەها

سەردەشت شارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لە نێوان سنوورە دەستکردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باشووری کوردستان هەڵکەوتووە.

## جوگرافیا

سەردەشت لە کەنار کێوی گردە سوور هەڵکەوتووە. کێوەکانی قەندیل لە باکووری ڕۆژاوای ئەم شارەن. سەردەشت لە باکوور لەگەڵ پیرانشار و مەهاباد، لە ڕۆژهەڵات لەگەڵ بۆکان، لە باشووری ڕۆژهەڵات لەگەڵ بانە و لە ڕۆژاوادا لەگەڵ قەڵادزێ و پارێزگای سلێمانی هاوسنوورە. هەروەها سەردەشت ١٠٠ کیلۆمەتر سنووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە. هەرێمی کوێستانی سەردەشت بە گەورەیی ١٦٦٠ کیلۆمەتری چوارگۆشە دەبێت.

## هەندێک لە کێوە بەرزەکانی سەردەشت:

بوولفەت    هەوینە ماڵ (باشووری دێی قەڵەڕەشە)

سەری گۆم (لە پشتەوەی شاری میراوە)    زەردکە (لە گووندی ئالان)

تەرخان    ئیبراهیم جەلال    بەردە سپییان    کێوی نستان

لەندی شێخان    داشان قەڵا    کاسە بەردین    حاجی ئیبراهیم

## دانیشتووان

بەپێی ساڵی ٢٠٠٦دا شاری سەردەشت ٤٠,٠٠٠ کەس دانیشتووی بوو بەڵام بەسەرجەم شاروچکە و گوندەکانەوە دەگاتە نزیک ١١٠,٠٠٠ کەس.

## مرۆڤناسی

دانیشتووانی شاری سەردەشت هەموویان لە کورد پێکدێن و بە زمانی کوردی قسە دەکەن. خەڵکی ئەم شارە موسڵمانن و لە ئیسلامی سوننە پەیڕەوی دەکەن.عەشیرەتی میراودەلی یەکێکە لە هۆزەکانی ئەو شارە.

## گەشتیاری

بەهۆی ژینگە و سروشتی سەردەشت، ئەو شارە لەگەڵ دەوروبەری بووەتە ناوچەیەکی گەشتیاری و زۆر جاران وەکوو «بەهەشتی کوردستان» ناوی لێدەبەن.

### تاڤگەی شەڵماش



تاڤگەی شەڵماش یەکێکە لە گرنگترین تاڤگەکانی پارێزگای ورمێ کە لە شارستانی سەردەشت هەڵکەوتووە. ئەم تاڤگەیە کە لە دۆڵێکی ئاوەدان و بە گژ و گیا و لە ناو دارستانێکی پڕ و سەرسەوزی نزیک شاری سەردەشتە و یەکێک لە لقەکانی ڕووباری زێی بچووک هەژماردەکرێ.

### چۆمی کەڵوێ



دیمەنێکی چۆمی کەڵوێ لە ناوچەی گۆمەشینچۆمی

کەڵوێ بەشێک لە زێی بچووکە، کە لە باشووری کوردستان بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڕوات و دواتر لەگەڵ ڕووباری دیجلە و کەنداوی فارس تێکەڵ دەبێتەوە. ئەم ڕووبارە یەکێک لە ناوچە گەشتیارییەکانی شاری سەردەشت و دەوروبەرە. هەروەوها بەنداوی سەردەشت لەسەر ئەم ڕووبارە ساز بووە.

## کانیاوی گڕاوان



کانیاوی گڕاوان لە زستاندا　　　　کانیاوی گڕاوان

کانیاوی گڕاوان سەرچاوەیەکی ئاوی لە ناوچەی ڕەبەت لە شارستانی سەردەشتە کە بەهۆی تایبەتمەندیی دەرمانی و سروشتی سەرسەوزی دەوروبەری ناوبانگی هەیە. گڕاوان لە دەشتێکی یەکدەست سەوز و سەرنجڕاکێش لە نزیک گوندی کانی گوێز لە مەودای دوو کیلۆمەتریی شاری ڕەبەت و لە دوازدە کیلۆمەتریی باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری سەردەشت هەڵکەوتووە کە خاوەن ئاوی کانیاوییە. ڕووباری زێی بچووک لە تەنیشت ئەو کانیاوە تێدەپەڕێت کە لە وەرزی بەهاردا یەکێک لە پڕئاوترین ڕووبارەکانی ناوچەیە. ئاوی ئەو کانیاوە دەڕژێتە ناو ڕووباری کەڵوێ کە بەشێک لە زێی بچووک دێتە هەژمار. هەروەها گڕاوان کانیاوێکە ئاوەکەی کانزانییە و هەڵگری خوێیە. ئەو کانیاوە ١٢٠٦ مەتر بەرزە لە ئاستی دەریا.




## کیمیاباران

لە ٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ هەتاوی بەرامبەر بە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٨٧ زایینی، کاتژمێری ٤,٣٠ سەر لە ئێوارە هێزە ئاسمانییەکانی ڕژێمی بەعس و فرۆکەوانەکانی ئەو سوپایە، بە گازی کیمیاوی شاری سەردەشت و گوندی ڕەشەهەرمێیان بۆردومان کرد.

٣٤ ساڵ بەسەر کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت لە رۆژهەڵاتی کوردستان تێپەڕیوە، کەچی رزگاربووانی ئەو هێرشەی رژێمی سەدام حوسێن، هێشتا دەناڵێنن، ئەوان تاوەکو ئێستا هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دان بە روودانی ئەو کۆمەڵکوژییەدا بنێ.

لەیلا مەعرووف زادە، پەرستار و قوربانی کیمیابارانکردنی سەردەشتە دەڵێت "چووم بۆ نەخۆشخانەکە، هەمووان یەکتر دەناسن، ئەوانەی لەوێ بوون هەمووان ناسراون، هەموویان دانیشتووانی سەردەشت بوون، کەسوکاری یەکتربوون، کەسێک لەوێ هاواری کرد و گوتی لەیلا، بۆ خاتری خودا وەرە یارمەتیم بدە، ئەوان دەرشانەوە، بەشێکیان جەستەیان سوور ببوو.

کیمیابارانکردنی سەردەشت لە ساڵی ١٩٨٧ یەکێکە لە لێکەوتەکانی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران، ئەو هێرشە گیانلەدەستدانی ١٣٢ دانیشتووی سەردەشتی لێکەوتەوە.

محەممەد ئەسەدپوور، قوربانییەکی دیکەی کیمیابارانکردنی سەردەشتە، دەڵێت "تاوەکو ئەمڕۆ هەندێک جار هەست بە گوشاری زۆر لەسەر سییەکانم و سنگم دەکەم، بەڕادەیەک شەوان ناتوانم بنووم، بنباڵم و بەشەکانی خوارەی جەستەم دەخوورێن، بەتایبەت لە وەرزی هاویندا، بەهۆی گەرما."

ساڵح عەزیزپوور، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی سەردەشت رایدەگەیێنێت سەردەشت بەتەواوی سڤیل بوو، شەڕ و پێکدادان لەنێو شارەکەدا نەبوو، تەمەنی قوربانیان لە نێوان ٣ مانگ تاوەکو ٧٠ ساڵ بوو، هەموویان سڤیل بوون.

رۆژان قادری، سەرۆکی تۆڕی تەندروستی سەردەشت لەبارەی قوربانییانی رووداوەکە دەڵێت "زۆرینە لە دەستی وشکبوون و ئاوکردنی چاوەکان، هەوکردنی چاو و پێست، خوورانی پێست، رزانی پێست، هەناسەسواری و بە ئەستەم جووڵەکردن دەناڵێنن.

سەرباری زۆریی ژمارەی قوربانیان، کەچی کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنیا ١٥٠٠ کەسی لە قوربانیانی کیمیابارانکردنی سەردەشت بە بریندارى چەکی کیمیایی قبووڵکردووە، لە کاتێکدا ژمارەی بریندارەکان لەنێوان ٤٥٠٠ بۆ ٨٥٠٠ بریندارە.

لەو بۆمبارانەی شارە ١٢٠٠٠ کەسییەکەی سەردەشت، ٨٠٢٤ کەس کیمیاوی کران و ١٣٠ کەس لە خەڵکی ئەم شارە شەهید کران.

## بەنداوی کۆڵەسە



بەنداوی سەردەشت یان بەنداوی کۆڵەسە بەنداوێکی خاکییە بە بەرزایی زیاتر لە ١٠٠ مەتر لەسەر چۆمی زێی بچووک و لە نزیکی گوندی کۆڵەسەی خوارێ لە شارستانی سەردەشتە. ئەم پرۆژەیە لە ساڵی ٢٠٠٩ دەستی پێ کراوە. بەڵام دەست پێکردنی ئەسڵیی لە ساڵی ٢٠١١ ئەنجام دراوە. ئاوی پشتی بەنداوی سەردەشت بۆ دروستکردنی کارەبا بەکاردێت.

کوردستان ناسی

کاناڵی تلگرامی @mansourtaha